# ئازادی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟



**د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بابەکر***

لەو سەردەمەی کە پرۆسەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەستی پێکردووە داواکارییەکانی ئازادیخوازی بە بەردەوامی و بە شێوەو فۆرمەکانی جۆراوجۆردا لە لایەن کەسایەتییە ناودارەکانی دینی و سەرۆک عەشیرەت و شێخ و ئاغا و رۆشەنبیرو ئازادیخوازانی و پاشان رێکخراو و پارتەکانی کوردیدا بەدیدەکرێن.
لە سەد ساڵەی ئەو دواییەی مێژووی گەلی کورددا بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیانداوە کارتێکەری و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجەکاندا بکەن، ئەو هەوڵانە بە داهێنانی چەندین تەریقەتی دینی و سۆفیگەرایی کە وەڵامدەرەوەی تایبەتمەندی و داخوازیەکانی ئازادیخوازی و رزگارکەری گەلی کورد لە بەندی و ژێردەستیدا بوونە.

ئەگەر تەنیا رووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی شی بکەینەوە دەتوانین باسی سەرهەڵدان و بەربەرەکانی راستەوخۆی ئازادیخوازی وەکو شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ رەزا و سمایل ئاغای شکاک و شێخ مەحمود و بارزانیی نەمر و...هتد بکەین. کەسایەتیەکانی تری کوردیش کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بەربەرەکانی و خەباتی ناچەکداری تایبەتمەندیەکانی ئاینییان رەچاو کردووەو، هەوڵیان داوە کە بە ریفۆرم کردنی دینی و داهێنانی هەندێ تایبەتمەندی گونجاو لەگەڵ داب و نەریتی گەلی کورد و لەپێناو چاکسازی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا گۆڕانکاری لەو وڵاتەدا کە گەلی کوردی تێدا دەژیت، بکەن. یەکێ لەو کەسایەتیانە کە سەعید نورسی بووە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا و لە ساڵەکانی 1920 دا کاتێک کە ناسیونالیستەکانی تورک هاتنە سەر دەسەڵات سەعید نورسی بە نووسینەکانی هەوڵیدا کە بیروڕای رێزگرتن لە یەکتری و یەکەمین کەس بووە کە داوای دیالۆگی نێوان دینەکانی ئاسمانی کردووە و، لەو بڕوایەدا بووە کە هەموو دینەکانی جیهانی یەک سەرچاوەیان هەیە و...هتد. ناوبراو زیاتر لە 23 ساڵ کەوتۆتە ناو زیندان و لە ساڵی 1960 وەفاتی کردووەو، ئێستا خەڵکانێکی زۆر خۆیان بە لایەنگری ئەو تەریقەتە دەزانن و بە ناوی تەریقەتی ریسالەی نەورسی و بزووتنەوەی نورجولاری بەناوبانگن و یەکێ لە کەسایەتیەکانی بەناوبانگی وەکو فەتحوڵلا گویلەن کە لە پاش ساڵی 2000 دا پەنای بۆ ئەمەریکا بردووە سەرپەرشتیان دەکات، ئەو بزووتنەوە پەیرەوی لە دیسپلین و نهێنیەکانی شاراوە دەکات بە پێی هەواڵەکانی میدیاکانی تورکیا خاوەنی سەرمایەیەکی نزیکەی 50 ملیار دۆلار و نزیکەی ٤ ملیۆن ئەندامیان هەیەو لە 65 وڵاتی جیهانیدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە تورکزمانەکان دەژین چالاکن، هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە وڵاتە یەکگرتووەکانی

**ئەوەی کە ئێستا دیارە کە لە بەشەکانی کوردستاندا هەلومەرجەکانی جۆراوجۆری تیدا بەدی دەکرێت و یەک نوسخەی چارەسەری بۆ هەموو لایەنەکان نییە. ئەوەی کە زۆر گرنگ و سەرەکیە دەبێ کورد ببێتە فاکتەری هێز و دادو دیفاکتۆ و کەرەسە و سابجێکتی ناوخۆیی و نێونەتەوەییش، جا ئەو بنەمایە و ستراکچورە دەتوانێ بە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری، فیدرالی، یان لە قوناغەکانی سەرەتایدا بەشێوەی دەسەڵاتێکی هەرێمی وەیا ناوخۆیی بێت**

ئەمەریکا و تورکیاش بە رێگای ئەوانەوە ئامانجەکانی خۆیان لە وڵاتانی دەوروبەر دێننە دی. بەشێکی تری کەسایەتیە ئازادیخوازەکانی تری کورد وەکو شێخ عوبێدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولسەلام و شێخ رەزای دێرسیمی و سمایل ئاغای سمکۆ و بارزانیی نەمر و شێخ مەحمود حەفید و...هتد، کەوتوونەتە بەربەرەکانی راستەوخۆی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی. هەندێ لایەنی تری کوردی هاوکاری راستەوخۆیان لەگەڵ حکوومەتەکانی ناوەندی کردووە و... یانیش تەریقەتەکانی دینی وەکو ئێزیدی و کاکەیی و عەلەوی و... بەجۆرێک لە شێوەکانی بەربەرەکانی و رکابەری لەگەڵ بیروراکانی دەسەڵاتدار و خۆ رزگار کردن وەکو ئۆپۆزیسیۆن خەباتیان کردووە و... هەر لە سەردەمی هاتنە کایەوەی رێکخراو و پارتەکانی سیاسی سەرانسەری لەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژیت بەشێکیان داخوازیەکانی مروڤ دۆستانە و بەرابەری و لە هەندێ حاڵەتدا دیارکردنی مافی چارەنووسیشیان دەهێنا کایەوە، بەتایبەتی لەکاتی سەرهەڵدانی پارتەکانی سیاسی چەپی لە وڵاتانی دابەشکراوی کوردستاندا زۆر کورد بە هیوای کارتێکردن و چاوەڕێکردن لە سیاسەتی دۆستایەتی و ئاشتیخوازانەی ئەو پارتانە بە تایبەتی پارتە کۆمۆنیستەکان کەوتنە ناو ریزی ئەو پارتانە، لەو ساڵانەی دواییدا بە هاوشانی ئەو پارتانە پارتەکانی دینی ئیسلامیش کەوتوونەتە مەیدانی خەبات.
پرسمان لێرە ئەوەیە کە ئایا گەلی کورد بە خەباتی بەستراو بەهێزی ناوخۆی و رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی کوردی وەیا دەبێ بکەوێتە ناو ریزی خەباتی گەلانی دەسەڵاتدار و ببێتە فاکتەرێکی کارامەو گران؟ یانیش ئەو هەڵسەنگاندنە تیوریەی کە لەلایەن زۆر تیوریست و زانایانی کورد کراوە و هەلومەرجەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو لێکدراونەتەوە، بۆنموونە ئەو چاوەڕێیەی کە لە سوسیال دیموکراتانی وڵاتانی ئەوروپای غەربی دەکرێت دەبێ هەمان چاوەڕوانی لە پارتی مەهەپەش کە ئەندامی سوسیال دیموکراتە بکرێت، یانیش کۆمۆنیستەکانی بەلشەڤیک کە بە سیاسەتێکی سەخیانە 15 کۆماریان لە یەکێتی سوڤیەت دروست کرد، ئایا دەبێ هەمان چاوەڕوانی لە پارتەکانی تودەی ئێران و پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و بە تایبەتی لە پارتی کۆمۆنیستەکانی سوریا و تورکیا بکرێت؟ ئایا دەبێ لە رووی دینیشەوە هەمان چاوەڕوانیمان لە ئیسلامەکانی دوا کەوتوو هەبێ، یانیش پەیرەوی لە ئیسلامێکی کراوەو سەخیانە بکەین کە بڕوای بە مافە نەتەوەییەکان هەبێت، یانیش پەیرەوی لەو ئیسلامە بکەین کە دەڵێن هەرکەس موسلمان بێت واتە عەرەبە؟
بەراستی تا ئێستا ئەوانە هەمووی پرسیارن کە خەڵکی گەلی کورد لە هەرچوارپارچەکاندا بۆیان دێنەپێش، بەتایبەتی ئێستا لە کوردستانی باکووردا لە لایەک پارتی کوردی دەتەپە وە یا ب-د-پ و پارتەکانی تری بچووکتر لەگەڵ پارتی ئاکەپە دێنە پێش. ئاکەپە پروپاگەندەی ئەوە دەکات کە گوایە تەنیا ئەوان دەتوانن کێشەی کورد چارەسەر بکەن و زیاترین ئەندامی پارلەمانیان لەناو ریزەکانیاندا هەیە. هەروەها لە کوردستانی ئێرانیشدا نوێنەرانی سەر بەلایەنەکانی ئێرانی هەڵبژێردراو لە شارەکانی ئێراندا خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی کوردستانی ئێران دادەنێن و ئۆپۆزسیۆن بە هێزێکی بێگانە لە قەڵەم دەدەن، لە سوریاش هەر بەو شێوەیەیە. ئەگەر چاو لە تاقیکردنەوەکانی خودی کوردستان بکەین و بۆ ئەوەی مێژوو بە هەڵە دووبارە نەکەینەوە، دەبێ هەوڵەکانی کورد چۆن بن؟ بە هیوای رزگاری و چارەسەرێکی دەرەکی بین؟ یانیش ئاستی دیموکراتی رژێمەکانی دەسەڵاتدار بگاتە رادەیک کە دان بە مافەکانی کورد بنێن؟ بێشک هەموو فاکتەرەکان پێکەوە گرنگن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دیارە کە لە بەشەکانی کوردستاندا هەلومەرجەکانی جۆراوجۆری تیدا بەدی دەکرێت و یەک نوسخەی چارەسەری بۆ هەموو لایەنەکان نییە. ئەوەی کە زۆر گرنگ و سەرەکیە دەبێ کورد ببێتە فاکتەری هێز و دادو دیفاکتۆ و کەرەسە وەیا سابجێکتی ناوخۆیی و نێونەتەوەییش، جا ئەو بنەمایە و ستراکچورە دەتوانێ بە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری وەیا فیدرالی وەیا لە قوناغەکانی سەرەتایدا بەشێوەی دەسەڵاتێکی هەرێمی وەیا محەلی و ناوخۆیی بێت، دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی دەستپێکەر سەرکەوتوانە بۆنە و هەڵبژاردنی شارەوانیە کوردەکان لە شارەکانی کوردستاندا و گواستنەوەی دەسەڵات دەستکەوتێکی گەورە بوونە، هەوڵەکانی چەسپاندنی خویندنی کوردی لە قوتابخانەکانی هەرێمەکانی کوردنشیندا دەستکەوتیکی تری باش دەبێت و هەروەها هەر بەو شێوەیە قۆناغەکانی تر دەبێ گۆڕینی دەستوور و رێدان بە پارتە کوردیەکان لە ژێر ناوی نەتەوایەتی و...بن. بەو شێوەیە کورد دەتوانێت کە داخوازیە سیاسیەکانی تا رادەیەک و داخوازیەکانی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و... بهێنێتە دی. ئینجا کێشەی کورد لە ناو خودی تورکیا و لە رووی نێونەتەوەییش دەبێتە فاکتەرێکی راستەقینە کە لایەنەکانی تر دەتوانن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن و رۆژ بە رۆژ پرۆسەکانی گەشانەوەی کولتووری و ئابووری و سەرمایەگوزاری لە کوردستاندا دەست پێدەکەن. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پێویستی بەرەچاوکردنی سیاسەت و هەڵسوکەوتێکی زۆر ژیرانە و لەخۆبوردوانە و رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی گشتی پێویستە. لایەنەکانی کوردیش دەبێ هاوکارێکی باش لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەن کە هەوڵی چارەسەری ئەو کێشانە دەدەن، بەڵام بە پێی ئەزموونەکانی گەلی کورد دەبێ سەنگینی و باوەڕی و کاکڵی سەرەکی کێشەکان لایەنەکانی کوردی بە هاوکار لەگەڵ لایەنەکانی تورکی بن.

*** نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووسیا و وڵاتانی کۆنی یەکێتی سۆڤیەت**

## چاپکراوی نوێ

















# ئاستی زانست و سیستەمی نوێی پەروەردە

**هەیاس کاکەیی**

گۆڕانکاری بەدرێژایی ژیان لەبوارە جیاجیاکانی پەیوەندیدار بەژینگەی مرۆڤەوە روویداوە، بەرەو گوزەرانێکی باشتر و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر، بەڵکو هەندێ جار کەوتونەتە ململانێ لەگەڵ دەوروبەردا، لەئەنجامی مامەڵەکردن و هاتووچۆکردن و گۆڕیتەوەی بیروڕا، یان هاوکاری کردن لەهەندێ بارودۆخی نالەباردا.

لەبەرئەنجامی ئەوانەدا بواری پەروەردەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەپێی پێداویستی هاوچەرخ، چ لەلایەن میریەوە بەپەروەردەیەکی پلانکراو یان لەنێوان خێزان و کۆمەڵگە، وە لەژێر کاریگەری جیهانی تەکنەلۆجیا و زانستدا.کورد بێ بەش نەبووە لەو گۆڕانکاریانە شان بەشانی کۆمەڵگای دەوروبەری جیهانیدا، هەرچەندە پلانی ژەهراوی لەلایەن داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەوە دارێژراوە بۆ دواخستنی و خەواڵووکردنیان تا زیاتر درێژە بدەن بەچەوساندنەوەو و دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامان و مژینی خوێنی میللەتەکەمان، بەڵام پاش بزوتنەوەی رزگاریخوازەکانی یەک لەدوای یەکە بەتایبەت بزوتنەوەی رزگاریخوازی مەزنی ئەیلوول، میللەتی کورد وریابۆوەو هەستی بەبارو دۆخی تایبەتی خۆی دا، بەتایبەت لەبواری پەروەردەو فێرکردندا.پاش راپەڕین و رزگار بوون لەجەورستەم، وە پاش رزگاربوونی ئێراق لە دکتاتۆرو دامەزراندنی فیدراڵیەتی کوردستان لەدەستورێکی ئێراقی هەمیشەییدا جموجوڵی بوارە پەروەردییەکان دەستی پێکرد بەرەو گۆڕانکاریەکان بۆ دارشتنی یاساو پەیڕەو پرۆگرامێکی هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەو گۆڕانکاریەی جێگای خۆی پێکابێت گۆڕانکاری لەپرۆگرامەکانی خوێندنە لە قۆناغەکانی خوێندن، هەرچەندە کەم و کوڕی لەپەیڕەوکردنی بەرچاو دەکەوێت وەک کەموکوڕی هۆیەکانی فێرکردن، کەمکوڕی ژووری خوێندن و ژمارەی زۆری قوتابیان لەژووری خوێندندا، کەمی دەوامی خوێندن بەتایبەت ئەو قوتابخانەی دوو یان سێ دەوامی لێ دەکرێت، تەرخان نەکردنی مامۆستا بۆ دەوامی چڕوپڕ لەقوتابخانانە و خوێندگاکاندا تا لەگەل ئەو پرۆگرامەدا بگونجێت، مەشق نەکردنی تێرو پڕی مامۆستایان، ناردنی مامۆستایانی پسپۆڕی و شارەزایان بۆ دەرەوەی وڵات، و گەڕانەوەیان کاردانەوەی هەبێت لەبوارە پسپۆڕی و پەروەردەییەکانیاندا نەک بۆ گەشتوگوزار و دوورکەوتنەوە لەبوارە راگەیاندنەکاندا، دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەیی لێهاتوو، نەک حەشوکردنی دەزگاکان و رازی کردنی ئەم و ئەو،...هتدبەڵام لەلایەن سیستەمی پەروەردەوە ئەوگۆڕانکاریە نوێیانەی ئەوروپی و داسەپانی بەسەر پەروەردەو فێرکردنی کوردەواریدا، وە نەگونجانی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا، دوا رۆژێکی روناکی لێ نابینم و بەبڕوای من هەرەس دەهێنێت لەبەر ئەم هۆیانە:
- کۆمەڵگای ئەوروپی قۆناغێکی پەنجا ساڵی ئەگەر زیاتر نەبێت لەپێش ئێمەوەن.
- تێگەیشتنی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئازادی و دیموکراتیەت هێشتا لەئاستی پێویست نییە و ماویەتی.
- بیرکردنەوەمان لەدوار رۆژی نەوەکانمان زۆری ماوە.
- پلان دارێژتنمان ناتەواوی پێوە دیارە.
- زەمینەی بۆخۆش بکرێت، ئەگەر گۆڕانکاری تەنها لەپێناوی گۆڕانکاری بێت، مانای وایە ئەنجامی خۆی ناپێکێت.
ئەو سیتەمە نوێیەی پەروەردە گرفتی زۆری لەبواری پەروەردەدا دروستکردووە کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:
- دابەزینی ئاستی زانستی قوتابی لەهەموو بوارەکاندا.
- زیادکردنی ئاستی رێژەی کەوتن و دواخستن لەئەزمونەکاندا.
- پابەند نەبوونی قوتابی بەدەوامی رێکوپێکەوە.داپچڕاندنیان لەگەڵ ئەو بەشەی لەکۆرسێکدا دیخوێنن.
- گوێ نەدان بەیاساو پڕۆگرامی قوتابخانەکان.
- گرفت دروستکردن بۆ دەستەی کارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان
- دروستکردنی(فراغ)ی زۆر بۆ قوتابیان کەدەبێتە هۆی لادان.زیاد بوونی دیاردەی جگەرەکێشان و شتی تر لەقوتابخانەکاندا.بەرای من هێشتا ئەو سیستەمە هەجینەی ئەمەریکی و بەریتانی کە هەمانبوو و پەیڕەومان دەکرد جارێک باشتر و گونجاوتربوو بۆ ئەو سەردەمەی ئێمە.